# بەرەو دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - رۆژهەڵات!

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**

**هاوبیران و ئەندامانی هێژا!**

**لەگەڵ سڵاوی ئازادی و سەرخۆبوون.**

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گۆرانکارییانەی لەماوەی چەندساڵی رابوردوو لە رۆژهەڵاتی ناڤین روویانداوە و، بە شرۆڤە و لێکدانەوەی رەوتی ئەو گۆرانکارییانەی لە داهاتووی نێزیکدا روودەدەن و بەرێوەن، بەتایبەتی لە ئێراندا، سەرکردەیەتیی کۆنگرە و زۆرینەی ئەندامان و هاوبیرانی رێبازی کوردایەتیی لە رۆژهەڵات، بریاری بەستنی کۆنفرانسێکیاندا بە مەبەستی دامەزراندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - رۆژهەڵات.

**کۆنفرانس مانگی خەرمانان کۆتایی مانگی جولای (گەلاوێژ) ی ئەوساڵ (2005) لە شاری لەندەن (بریتانیا) دەگیرێ. دواتر لە رۆژ و شوێنی جێگەی بەستنی کۆنفرانس ئاگادارتان دەکەینەوە.**

**دەستووری کاری کۆنفرانس بەم چەشنەیە:**

١- دیاریکردنی کۆمیتەیەک بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆنفرانس.

٢- کردنەوەی کۆنفرانس بە خوێندنی سروودی «ئەی رەقیب» و رێزگرتن لە شەهیدانی رێگەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

٣- خوێندنەوەی پەیام و بروسکەی کۆمیتە و لقەکانی کۆنگرە لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات و، خوێندنەوەی پەیامی پارتی و رێکخراوەی سیاسی و دۆستانی کۆنگرە.

٤- باس و لێدوان سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و وڵاتانی داگیرکەر بە گشتی و، رژێمی داگیرکەری ئێران بە تایبەتیی و، هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی جۆری خەبات و چالاکی سیاسیی کۆنگرە لە رۆژهەڵات.

٥- شرۆڤە و لێکدانەوە و دەنگدان سەبارەت بە پرۆژەی دامەزران و راگەیاندنی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان - رۆژهەڵات، لە تاراوگە!

خوێندنەوە و لێدوان لەسەر بەرنامە و دەستووری پێشنیازکراوی کۆنگرەی رۆژهەڵات و پەسندکردنی دەستوور.

٦- هەڵبژاردنی سەرکردەیەتیی کۆنگرەی رۆژهەڵات.

داوا لە هاوبیران و دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان دەکەین، جگە لەمانە، هەر بابەت و خاڵێکی دیکە، لێدوان و باسکردنی بە پێویست دەزانن، یان پەیام و وتاریان هەیە، تا رۆژی ٣٠/٦/٢٠٠٥ بە نووسراوە، کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنفرانس بەم ژمارە فاکس و ئیمەیلە ئاگادار بکەنەوە!

**Fax: 00 47 - 2275 3095**
**E - post::**
**post@kncscandinavia.com**

هەر شەکاوە بێت ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان،
کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنفرانسی
کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان — رۆژهەڵات

٢٨/٤/٢٠٠٥